یاقوت و مەرجان

وەسفی پێغەمبەری خۆشەویستمان

صلى الله عليه وسلم

نووسەر : مامۆستا أوسامە تەوحیدی شارەزووری – حفظه الله تعالى –

یاقوت ومەرجان وەسفی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لەچەند دێڕێکی کورتدا خوێنەری بن

کاتێک پێغەمبەر ﷺ بەیاوەری ئەبوبکری هاوەڵی لەگەڵ عامری کوڕ ی فهیره و ڕێپیشاندەرەکەیان عبدالله ی کوڕی اریقط تێپەڕین بەلای خێمەکەی ام معبد (عاتکەی کچ ی خالد ئافرەتێکی بەتەمەن بوو) داوای خواردنیان لێکرد تالێی بکڕن بەڵام لەبەر سەختی باردۆخیانەوە هیچیان نەبوو پێغەمبەر ﷺ بینی مەڕێکی لات لەگۆشەیەکی خێمەکەدایە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (مَا هَذِهِ الشَّاةُ يَا أُمَّ مَعْبَدٍ؟) ئەم مەڕە چیە ئەی ام معبد ؟

وتی ئەم مەڕە بەهۆی لاوازیەوە نەیتوانیوە لەگەڵ مێگەلەکە دەربچێت

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (هل بِهَا مِنْ لَبَنٍ؟) ئایا شیری هەیە ؟

ام معبد ووتی ئەوە زۆر لەوە لاوازترە کەشیری هەبێت

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی (أَتَأْذَنِينَ لِي أَنْ أَحْلُبَهَا؟) مۆڵەتی ئەوەم ئەیەیتێ بیدۆشم ؟ ووتی بەدایک وباوکمەوە بەفیداتبم گەر شیری تێدا ئەبینیت بیدۆشە بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەست ی هێنا بە گوانی مەڕەکە وناوی الله ی هێنا مەڕەکە گوانی پڕبوو لەشیر وشیری لێ تەقیەوە پێغەمبەر ﷺ داوای قاپێکی گەورەی کرد وپڕی کرد لەشیری مەڕەکە یای بە ام معبد لێی خوارد تاتێربوو پاشان یای بەهاوەڵەکان ی ئەوانیش لێیان خواردەوە تاتێربوون لەکۆتایدا خۆی خواردیەوە تاهەموویان تێربوون وجارێکی مەڕەکەی دۆشیەوە وقاپەکەی پڕشیرکرد بۆ ام معبد جێی هێش وام معبد بوو بە موسڵمان وپاشان

ڕۆشتن هەر ئەونەی نە خایاند ابو معبدی مێردی گەڕایەوە لەگەڵ کۆمەڵێک لە بزنە لات ولەڕەکان ی کەلەبێ هێزیدا بەدەم ڕێگاوە بەڕاست وچەپا لار ئەبوونەوە کاتێک ابو معبد ئەو شیرەی بینی بەم ام معبد ی وت ئەمەت لەکوێ بوو ؟ لەکاتێکدا مێگەلەکە دوورن لەلەوەڕگا وهیچ مەڕێکیش لەماڵ نەبوە کەشیری هەبێت ام معبد فەرمووی نەخێر سوێند بەالله تەنها ئەوەنەبێت پیاوێکی پیرۆز لێرەوە تێپەڕی ابو معبد ووتی وەسفی ئەوپیاوەم بۆبکە کەسێکی چۆن بوو ؟ ام معبد فەرمووی

ئەوپیاوەی من بینیم پیاوێک بوو دەمچاوێکی گەشاوە و ڕووخسارێکی جوانی هەبوو خاوەن ڕەوشتێکی یەکجار بەرزبوو نەورگن بوو نەسەربچوک بەڵکو سکێکی ڕێک و سەرێکی گەورەی ڕێک وجوان کەسێکی ڕووخۆش بوو ڕەشایی چاوی زۆرتۆخ بوو سپیایی چاوی سپێتیەکەی تۆخ بوو چاوێکی گەورەی خڕی بوو برژانگەکان ی درێژ وچڕبوو ئەڵێی کل کرابوو هێندە ڕەش وجوان بوون خاوەن دەنگێکی گڕ وزوڵاڵ بوو گەردنێکی بەرزی پرشنگداری هەبوو ڕیشێکی چڕوپڕی هەبوو برۆکانی کەوانەی ودرێژبوون بەنەرم وتەنکی لەناوەڕاستەوە پێکەوە بەسترابوون گەر بێ دەنگ بووایە شکۆی لێ ئەباری گەر قسەی کردایە جوانی وشکۆمەندی ئەیگرتەوە لە دوورەوە جوانترین ودرەوشاوەترین کەس بوو لە نزیکەوە جوانترین وبەڕێزترین کەس بوو لە قسەکانیدا شیرینیەک هەیە نەکەم وبێ سودن نەزیادە وشێواون قسەکانی هەرئەڵێی دەنکە مورووی ڕیزکرابوو ئەوەنە ڕێک وجوان لەدەمی ئەهاتە دەرەوە بالآبەرزی چوارشانە نەئەوەیە بالآ درێژێک وابێت کە

چاو بێزاربێت لە سەیرکردنی نە ئەوەیە بالآی کورتێ ک بێت کە بەچا وی نزمەوە سەیربکرێت هەروەک لقێکی سەوزی گەشاوەبووە کەلەنێوان دوولق دا ڕووابێت لە نێوا ن سێ هاوەڵەکە یدا درەوشاوەترینیان و بەڕێزترینیان بوو هاوەڵانێکی لەگەڵ بوو بەدەوریەوە بوون گەر قسەی کردایە ئەوان گوێ بیست ئەبوون گەر فەرمانی کردایە ئەو ان پێشبڕکێیا ن ئەک رد بۆ جێ بەجێکر دن ی ئ ەو خە ڵک لەدەو ری کۆئەبونەوە وخزمەتکراو کەسێکی ڕووگرژ وقیناوی نەبوو ابو معبد فەرمووی والله ئەمە ئەو پیاوە قوڕەیشیەیە کە هەواڵەکەی گەشتوە پێمان سەبارەت بەوشتانەی لەسەری باس کراون بڕیارم یاوە هاوەڵێتی بکەم گەر ڕێگەیەکم بۆ بڕەخسێت.

---

(١) ئیمام ی الطبراني له المعجم الكبير (3605) ئیمام ی الحاكم له المستدرك (4274) ڕیوایەتیان کردووە ئەو ڕیوایەتەی ئیمام ی حاکم گێڕاویەتیەوە فەرموویەت ی فەرموودەیەکە سەنەدەکەی صحیح ە (هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ)

ئیمام ی ابن كثير له البداية والنهاية فەرموویەت ی (وَقِصَّتُهَا مَشْهُورَةٌ مَرْوِيَّةٌ مِنْ طرقٍ يَشُدُّ بَعْضُهَا بَعْضًا) بەسەرهاتەکەی ناسراو ومشهورە بەچەندین ڕێگەی جۆراو جۆر هاتوە هەنێکی هەنێ تری بەهێز ئەکات .

له الله تعالی ئەپاڕێینەوە لە دوونیادا بمانکات بە شوێنکەوتویەکی ڕاستەقینەی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ هەڵگری سونەت و ڕەفتا و ئاکارە بەرزەکان ی ئەو پێشەوا مەزنەبین تێکۆشەر وسەرخەری دین وبەرنامەکەی ئەوبین شکێنەری بیدعە وداهێنان بین دژی هەرکەسێک بین کەلەدژی ئەو بوەستێتەوە دۆست ی ئەوکەسە بین کەخزمەت ی ئەو ئەکات خۆمان و گیان وماڵ وسامان ودایک وباوک وهەموو کەسوکار وهۆز و نە تە وە و خا کم ان فیدا ی سەرخ ستنی ئەوب کەین ولەپ ێناو بەرز کردنەوەی ئاینەکەی ئەودا گیان وماڵ وکەسوکارمان هەمووی ببەخشین ئەومان خۆشتربوێ لە هەموو کەسوکارمان لەگەڵ هێنانی ناویدا صەڵات وسەلام ی بۆبنێرین لە پاشاندا ئەڵێین پەروەردگارمان لەدیداری پێغەمبەرەکەت بێ بەشمان مەکە ﷺ خۆگەر لەدوونیا قەدەرمان وانەبوو پێی بگەین وخزمەت ی بکەین ئەوا سوێند ئەخۆین بەزاتی پیرۆزی خۆت والله ی ئەی پەروەردگاری بەخشندەمان ئۆمێدی ئەوەمان پێتە کە چاوەکانمان شاد ئەکەیت بە دیداری ڕو وخساری لەمانگ دروشاوەتری پێغەمبەرەکەت ﷺ کەوابوو پەروەردگارم ان بەدە ست ی بەت اڵ مەمانگێڕە وە لێم ان ی قب وڵ ک ە بەگەور ەی و بەخشندەی خۆت یاالله گەر لەدوونیادا لە هاوڕێیەت ی ئەو بێ بەشبووین بەجەستەیی ئەوا لە بەهەشتەکەتدا ئەو فەزڵ وشەرەفەمان پێ ببەخشیت وبێ بەشمان نەکەیت لە چێژی نزیک بوونمان لە خۆشەویستەکەی خۆت یارب العالمین وصلی الله علی نبینا محمد وعلی اله وصحبه اجمعین والحمدلله رب العالمین.